# وت ویژ لەگەڵ ڕەحمان حسێن زادە

**رونکردنەوە: ئەم وت و وێژە بۆ رۆژنامەی ئاسۆ لە سلێمانی ئەنجام دراوە، بەڵام لە بەر زۆری وت و وێژەکە بەشێکی بڵاو نەکرایەوە. ئەوەی لە بەردەستدان دایە هەموو چاوپێکەوتنەکەیە.**

## جوامێر مارابی

ڕەحمان حسین زادە ساڵی 1959میلادی لە بۆکان لەدایك بووە، لە شۆڕشی 1979ی دژی بە رژیمی شا ئەو خوێندکاری بەشی ئەنیستیتۆی تەکنۆلۆژی بوو لە شاری ورمێ و ئەوکات بە شێوەیەکی چالاکانە لەو شۆرشەدا بەشداری کردووە. لە 1979 وە تاساڵی1991 هەڵسوڕانی سیاسی خۆی لە کومەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بردۆتە پێشەوە، لەکۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵەدا بووە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو لەوسەردەمەوە لەئاستی ڕابەری کۆمەڵە بەپرسایەتی هەبووە. لەئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. بەپێکهاتنی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەناو ئەو حیزبەدا بەرپرسیاریەتی ئەم فراکسیۆنەو باڵی چەپی ناوکۆمەڵەی لە ئەستۆ بوو. لەجیابونەوەکەی باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەڕابەری مەنسور حیکمەت لەساڵی 1991 لەگەڵ بەشێك لە ڕابەران و کادرانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە جیابونەوەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانیان پێکهێنا، ڕەحمانی حسێن زادە ئەندامی ڕابەری حزب و سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی ئەوحزبە بوو. لەپرۆسەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا نەخش و بەشداری بەرچاوی هەبوو.

ئێستاش ئەندامی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران–حیکمەتیست و سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حزبەیە.

*** بیرۆکەی دروستبوونی کۆمۆنیزمی کریکاری لەکام پیویستی سەردەمەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا توانیویەتی ئەم ئامانجانەی کە بۆخۆی دەسنیشانی کردبوو بپێکێت؟**

**ڕەحمانی حسین زادە: باسەرەتا ئەوە بڵێم کە لەجێگای وشەی دروست بوونی کۆمۆنیزمی کریکاری باشترە بڵێین بوژانەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری. چونکە هەر بە وتەی مەنسوری حیکمەت رابەری ئەم ڕەوتە، کۆمۆنیزمی کریکاری هەمان کۆمۆنیزمی مارکسە. هەمان کۆمۆنیزمە کە لنین و حزبی بۆلشویکی لە ڕوسیا بەدەسەلات گەیاند. کە واتە کۆمۆنیزمی کریکاری رابردویەکی میژوویی و لەمێژینەی هەیە. بیرۆکەی بوژاندنەوەی کۆمۆنیزمی مارکس یان کۆمۆنیزمی کریکاری لەواقعییەتێکی کۆمەلایەتی و ئۆبژێکتیفی(مەوزوعی) سەردەمەوە سەرچاوەی گرتووە. لەو واقعییەتە تاڵەوە سەرچاوەی گرت کە بۆچی لەدوای شکستی شۆرشی کریکاری ئۆکتۆبەرەوە کۆمۆنیزم لەپەراوێزی کۆمەڵگادایە؟ بۆچی لە ڕوداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان لە ئاستی دنیاو لەهەر وڵاتێکیش ئاوا لاوازو بێکاریگەرە؟ بۆچی هێزێکی کۆمەلایەتی بەهێز نییە؟ بۆچی لە پێگەی کۆمەلایەتی خۆی واتە بزووتنەوەی کرێکاری دابڕاوەو بۆچەندین دەیە بزووتنەوەی بەناو کۆمۆنیستی چارەنووسێکی جیاوازی لە بزوتنەوەی کرێکاری پەیدا کردووە؟**

من پێم وایە روداوەکانی دوای شۆرشی 57 ئیران( 1979 زایینی) لە وروژاندنی ئەم پرسیارانەو هەوڵدان بۆ وەلامدانەوەیان کاریگەری زۆری بوو. لەساڵی 1979 میلادی شۆرشێکی پان وبەرینی کۆمەلایەتی هەموو شارەکانی ئێرانی داگرت. کرێکارانی نەوت و بزوتنەوەی کریکاری رۆلێکی گرنگیان لەروخاندنی رژیمی سەلتەنەتی هەبوو، چەپ لە ئیران لەچوارچێوەی ریکخراوی جۆراوجۆردا هەڵسوڕانی بەرچاویان هەبوو، بەڵام لەبەرچاوی هەمووان بزووتنەوەی ئیسلامی بەرابەری کۆنەپەرستێکی وەکوو خومەینی بەدەسەڵات گەیشت و یەکەمین کاریشی بەشکست کیشانی ئەو شۆرشەو سەندنەوەی دەسکەوتەکانی بوو.

بە قەولی مەنسور حیکمەت چۆن بوو" ئیسلامییەکان وئاخوندەکان بەدوعاو نوشتە و داستانی کەری جەجال" وە پەرەپێدانی ژەهری ئیسلام بەدەسەلات گەیشتن‌و ئێستا نزیك بە 30 ساڵە، چارەنوسێکی رەشیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە؟ بەڵام چۆنە بانگەوازی ئازادی و بەرابەری ئینسانەکان بۆ عەدالەتخوازی و رزگاری تەواوی مرۆڤایەتی ئاوا بێ هێزو لاوازەو لەدوای شۆرشی 57 یەکەمین قوربانی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئیسلامییەکان، چەپەکان و کۆمۆنیستەکان بوون؟

ئەم پرسیارانەو هەوڵدان بۆ وەلامدانەوەیان، بیرۆکەی بوژاندنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کۆمۆنیزمی کۆمەلایەتی بەهێزو خوازیاری دەسەڵاتی گەڵالە کرد. کۆمۆنیزی مەنسور حیکمەت بەدریژایی 25 ساڵ کاری راستەوخۆی هەوڵیداوە وەڵام بەو گرفتە سەرەکییەی کۆمۆنیزم لەئاستی دنیاو ناوچەکە بداتەوە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری واتە کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت لە لایەنێکەوە تا ڕادەیەکی باش پێشرەوی کردووە، ئەوەی کە گرفتی سەرەکی کۆمۆنیزمی سەدەی بیستی دوای شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەر باش لێکداوەتەوەو پێداگری کردووە کە کیشەی سەرەکی کۆمۆنیزمی هاوچەرخ لەبنەڕەتدا گرفتێکی کۆمەلایەتییە، نەگرفتی ئایدۆلۆژی و فکری و مەکتەبی.

چەپی تەقلیدی لە ئاستی دنیاو ناوچەکە بە باڵی راست و چەپیەوە لە وەڵامدانەوە بەم گرفتە میتۆدێکی هاوبەشیان هەبووە. ئەویش هەرکامەیان لە بازنەی ئایدۆلۆژیگەری یان فکرو تیۆریدا بەدوای وەڵامدا دەگەران، مامەڵەی مەکتەبی ئایدۆلۆژیگەریان دەکرد. زوربەی باڵی جۆراوجۆری چەپ، پێیان وابوو کێشەو گرفتەکە فکری و تیۆری و ئایدۆلۆژییە، بۆیە زوربەیان" ئیعادە نەزەریان" دەکردەوە، ئەوەی کە بە ریفیژینیزم" تەحریفیەت" دەناسرا، زوربەی چەپی پرۆروسی یان پرۆچینی کە لەبنەڕەتدا ناسیونالستی بوون‌و ئامرازی بەسەرکەوتن گەیاندنی " خەباتی دژی ئیمپریالیستی یان سەربەخۆیی نەتەوەیی یان پیشەسازی کردنی وولات..." خۆیان بەمارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە هەڵدەواسی بۆ خۆجوتکردنی زیاتر لەگەڵ ئەو بزوتنەوانە. بە تەعبیرو تەفسیری ڕاسترەوانەیان "ئیعادە نەزەر" چاوخشاندنەوە بە تیۆری بنەماکانی مارکسیزم و کۆمۆنیزمدا دەکرد. لە بەرامبەردا چەپی تەقلیدی" ئوسولگەرا" دەنوسا بە" ئوسولەکانیدا" و خۆی لە دەخالەت لەکۆمەڵگاو بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان دوور دەخستەوە، وەکو ڕەوتێکی لاوەکی و لاواز کە کاریگەریان لەسەر کۆمەلگا نەبوو.

کۆمۆنیزمی کریکاری پێی وانەبوەو نییە، کێشەکە لە چاوخشاندنەوە" ئیعادە نەزەر" ریفیژینسیت" تەحریفییەت" بوونی ئەم یان ئەم رەوتەوەیە، بەڵکو رەوتێکی جیاواز لەمانەیە.

وەڵامی کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت ئەوەیە، چۆن کۆمۆنیزمی کرێکاری لەباری کۆمەڵایەتییەوە زیندوو بکرێتەوەو بەتەواوی خۆی لە کۆمۆنیزی بۆرژوایی و درۆینەی باو لە ئاستی دنیاو ناوچەکەدا جیابکاتەوە، و چۆن کۆمۆنیزم بەمانای کۆتایی کاری کرێگرتەو و کۆتایی چەوساندنەوەی ئینسان و دابینکردنی بەرابەری ئینسانەکان وەکو هیزی کۆمەلایەتیو وەك حزبی دەسەلات لە کۆمەڵگادا سەرهەڵداتەوەو بەدەسەلات بگاو کۆمەڵگا لە مەینەت رزگار بکات.
ئەوەی کە چەند ئەم ئامانجەی پێکاوە، دەکرێ لە دوو ئاستدا باسی بکەین. یەکەم لەئاستی خۆجیاکردنەوە لە کۆمۆنیزمی بۆرژوایی و لادانی ڕوپۆشی درۆینەی بەسەر کۆمۆنیزمدا لەئاستی دنیاو ناوچەکە بەتایبەتیش لەئێران و عیراق، چالاکی تیۆری و سیاسی کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت زۆرکاریگەرو سەرکەوتوو بووە. بەڵام لەئاستی کاری سەرەکیمان واتە هینانە مەیدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك هیزی کۆمەلایەتی تائیستا بەتەواوی نەمان پێکاوە.
لەئاستی کوردستانی عێراق و کۆمەڵگای عێراقدا ئەو هەلومەرجە ڕەخسا کە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك هیزی کۆمەلایەتی بێتە مەیدان، بەڵام نەمانتوانی و زۆرجار هۆکانیمان باس کردووە. ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکانی کۆمەلگای ئیران ئەو مەجالە دەکاتەوە تا کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت و حیکمەتیستەکان وەك هێزی کۆمەلایەتی بێنە مەیدان. ئەمە ئەزمونێکی گەورەیە کە لە پێشمانە.

*** رەخنەتان لێدەگرن کە ئێوە لەسەردەمێکی هەستیاردا و لەوکاتەدا کەچەپ لەکوردستانی عێراق دەوری بەرچاوی هەبووەو لە ڕاپەرین و دوای ڕاپەرین و دامەزراندنی شوراکان و ناوەندە دیمۆکراتیکەکاندا، بەڵام سەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری عیراق کە هەر هەمان کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێرانە، کوردستانیان بەجێهێشت و لایەنگران و ئەندامانی خۆیان دایە دەستی قەزاوقەدەر، لەوەڵامی ئەم رەخنەیەدا دەڵێن چی؟ ڕۆیشتن خزمەت بەچەپ بوو یان مانەوە؟**
رەحمان حسین زادە: ئەم پرسیارە چەند حوکمێکی ناواقعیو حوکمێکی واقعی تیایە، ئاماژەیان پێئەکەم.
یەکەم: تا ئەوجێگایەی مەبەست ئیمە کۆمۆنیستی کرێکاری بێ کە لەحزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەڵە لە سالی 1991میلادی جیابوینەوە، دەبێ بڵێم ساڵی 91 ئەگەر ئێمە وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران کە تازە دامەزرابووین لەکوردستانی عێراق بمانایەنەتەوە دەبوایەجۆریك لەپەیوەندی و دیبلۆماسیمان لەگەل رژیمی سەدام ببوایە. لەوحالەتەدا ئەو جۆرەی پیویست بوو، نەمان دەتوانی بەئاشکراو بەراشکاوی ئەوجۆرەی کردمان هاودەنگ و هاوهەنگاوبین لەگەڵ بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری تازە پێگەیشتوی کوردستانی عێراق. ئەوجۆرەی کە لەژێر ڕێنوێنی مە نسورحیکمەت توانیمان یارمەتی بدەین بە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ئەو جۆرە مانەوەیە بە زەرەری چەپ دەبوو.
دووەم: نابێ لە بیربچێتەوە کە دامەزراندنی شوراکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بەزۆری لە ژێر کاریگەری کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دروست بوون. هەڵەیەکی تری پرسیارەکە ئەوەیە بەڕاستی تاساڵی 2000 هەڵسورانی ئاشکرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق قەدەغە نەکرابوو، زوربەی کادرانی رابەری و بەشێکی چالاك لە کادرەکانی حزب هەر لەکوردستانی عێراق بوون. کەوایە ئەوەی کە حزبی

ئیمە نەیتوانیوە لە عێراق وەڵامدەرەوەی ئەرکەکانی خۆی بیت، لەبنەرەتدا لەبوون و نەبوونەوە سەرچاوە ناگرێ، هۆکاری بنەرەتی تری هەیە کەزۆرجارو بەرۆشنی باسمان کردووە. بەشی کۆتایی پرسیارەکە راستییەکی تێدایە، ئەویش ئەوەی کە کادرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستانی عێراق کلێشەسازییەکی نادروستیان لە نەمانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران لە کوردستانی عیراقیان کردو کادرە بەرچاوەکانی، بەتایبەت دوای سالی 2000 هاتنەدەرەوە، ئەمە بەش بەحاڵی خۆی کاریگەری هەبوو لەسەر لاوازبوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ساحەی سیاسی عێراق و کوردستاندا.

***جیاوازی ئێوە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا چییە؟**

رەحمان حسین زادە: پێشینەی جیاوازی ئێمەو رابەرانی ئێستای حزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەڵە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانێك کەلەیەك حزبدا بووین، هەر ئەو سەردەمە کتێبی" جیاوازیەکانمان" و کتێبی " هەڵسورانی حزب لەکوردستان" کە هەردوکیان نوسراوەی مەنسور حیکمەتن بەرۆشنی جیاوازیەکانمانی دەست نیشان کردووە. هەڵبەت لەوسەردەمەوە هەردوولامان سیاسەت و پراکتیکی جیاوازمان چ لە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی جیهان و ناوچەکە و چ لەئاستی ئێران و کوردستان لەخۆنیشانداوە. با لە باس لەئاست جیهانی دوو مەسەلەی رۆشن باس بکەم. لەدوای روخانی" کۆمۆنیزمی درۆینەی بلۆکی شەرق" دووبزوتنەوە لەئاستی جیهانی یەکەم: دیمۆکراسیخوازی و دووەم:" میللی گەرایی و ناسیونالیزم و قەومیگەری" وەکو بزوتنەوەی سەرکەوتوو لەپاش هەرەسی "کۆمۆنیزمی بۆرژوازی" پەرەیان گرت. لەبەرامبەر پروپاگەندەو هەراو هۆریای سەرکەوتنی ئەم رەوتانە، کاردانەوەو سەنگەربەندی رادیکاڵ و رۆشنی مارکسیستی پیویست بوو. کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت و حزبی ئیمە ئەوکارەی کرد، بەڵام ئەوان وەکو حزبێك کە ئیدعای کۆمۆنیزم دەکەن لەوسەنگەرەدا نەبوون، و لەباشترین حالەتدا بەهەمان تیۆری وکەرەستەی کۆنی چەپەوە هەڵوێستیان گرت، هەڵوێستیکی رۆشنی مارکسیستیان لەوبارەوە نەبوو. بەتایبەت نەبوونی سنورێکی ڕۆشنی مارکسیستی لەبەرامبەر" میللی گەرایی وناسیونالیزم "دا، کاریکی کردووە بەرامبەر بە " ناسیونالیزم و هیزە ناسیونالستەکان" تێکەلاویەکی بیسنور و سیاسەتێکی دەست لەملانێیان هەبێ.

بۆ نمونە، چۆنیەتی پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ئەحزابی ناسیونالستی کورد لەکوردستانی ئێران و عێراق ولەهەمانکاتدا نەبوونی پەیوەندییان لەگەڵ چەپ و کۆمۆنیزمو هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئێمە. چاوی لێبکە نەبوونی سنورێکی رادیکاڵ لەگەڵ ناسیونالیزم کارێکی وایکردووە هەر لەناوخۆیاندا رەوتی ناسیونالستی سەرهەڵبدەن، هێزکۆبکەنەوە. جێگای پرسیارە چۆن بوو لەساڵی 2000دا رەوتێکی تەواو" قەومی و ناسیونالسیتی و ئیفراتی" توانی بەناوی" کۆمەلەوە" لەدڵی حزبێکی کۆمۆنیستی هێز بگرێ و ئینشعاب بکا. جێگای پرسیارە هەر ئێستا چۆنە رەوتێکی ناسیونالستی دیکە لەناویاندا خەریکە هێز دەگرێ. ئەمانە نیشاندەری ئەوەن کۆمۆنیزمەکەیان خۆی بەتەواوەتی لەئاسەواری ناسیونالیزم دانەتەکاندووە. هەر ئەمە کارێکی وای کردووە حیزبی کۆمۆنیست وکۆمەڵە لەنێوان چەپ و راستی ئەو کۆمەڵگایەدا ڕاوەستن و ئەمە بە زیانی خودی کۆمەڵەو چەپ لەکۆمەڵگادا تەواو بووە.

بەکورتی بڵێم جیاوازیمان لەسیاسەت و پراکتیکی جیاوازدا و تەنانەت لەبەرنامەشدا خۆی نیشانداوە. کۆمۆنیزمی ئەوان لەهەمان چوارچیوەی کۆمۆنیزمی تەقلیدی باودا دەبینم. هەرچەندە پیداگریان لەسەر کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، ئازادی و بەرابەری و حکومەتی کرێکاری بە شتێکی پۆزەتیڤ دەزانم. هەروەها ئەوەی بەشیك لە رابەران و کادرەکانیان و ئەندامانیان خۆیان بە کۆمۆنیست و چەپ دەزانن موسبەتە.

* جیابونەوانەکانی ناوکۆمۆنیزمی کریکاری دەگەریتەوە بۆچی؟

رەحمان حسین زادە: لەم بارەیەوە لەکاتی جیابونەوەی ئیمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران هەمەلایەنە باسمان کردووە. لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لەسالی 1991 بە مەیلی سیاسی جیاوازەوە بەشداربوون، بەڵام سیاسەتی زاڵ ئەو خەتە سیاسی و پراکتیکییە بوو کە مەنسور حیکمەت رابەری دەکرد. تا ئەو کاتە مەنسور حیکمەت رابەری حزبی بەدەستەوە بوو، مەیل و سیاسەتی دیکە لاواز وبێتوانا بوون. بە نەخۆش کەوتنی ئەو دواتر مەرگی ناوەختی، مەیلی چەپی رادیکاڵی تەقلیدی کە لەژێر چەتری گشتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کۆببوەوە، بەسیاسەت ونەخشەی خۆیەوە ئەیویست حزبی دوا مەنسوری حیکمەت رابەری بکا. ئەمە بناغەی کێشەی مەیلی سیاسی جیاوازی ناوکۆمۆنیزمی کرێکاری بوو، بەلەدەستدانی مەنسور حیکمەت تەرازوی هیزی ناوحزب بەقازانجی مەیلی چەپی تەقلیدی ناوحیزب بە زیانی خەتی حیکمەتی گۆڕدرا، کێشەکان توند بونەوەو سەرئەنجام ئێمە خەتی حیکمەتی جیابوینەوەو حیزبی حیکمەتیستمان پێکهێنا.

* بۆ ناوی خۆتان ناوە حیکمەتیست؟ ئەمە جۆریك لە تەقەدوسگەرایی نییە؟ یان قورسایی سیبەری باو نییە(باوکسالاری حیزبی)؟

رەحمان حسین زادە: ناوی حیکمەتیست لەتەقەدوسگەرایی یان بەوتەی ئێوە" باوکسالاری حیزبی" کە یەکەمجارە ئەم تەعبیرە ئەبیستم نەهاتووە. تەنیا لەبەر ریزو خۆشەویستی ئیمە بۆ مارکسیستیکی بەرجەستەی وەکو مەنسور حیکمەت نەهاتووە. بەڵکو دانانی ئەم ناوە چەند هۆی هەیە. یەکەم: ئێمە ئەوباڵەی ناوحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بووین کە لەسەر خەتی فکری سیاسی و پراکتیکی ئەو پێمان داگرت. ئەمانەوێ بەهەمان میتۆدی ئەو لە رووداوەکانی کۆمەڵگا دەخاڵەت بکەین. دووەم: کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت لەماوەی 25 سال چالاکی نەزەری، سیاسی و پراکتیکی واقعییەتێکی سیاسی دیارە لەساحەی سیاسەتی ئێران و ناوچەکە، ئیمە بەناوەکەشمان دەمانەوێ نیشانی بدەین سەر بەو رەوتەین. سێهەم: پێمان وایە تەنها کۆمۆنیزمی دەخاڵەتگەرو ڕوولەگەشەی ئەم سەردەمە، کۆمۆنیزمێکە کە مەنسور حیکمەت بناغەو چواچێوەی داڕشتووە، ئێمە ئاڵاهەڵگری پەرەپێدان بەم کۆمۆنیزمەین. بەم هۆیانەوە ناومان حیکمەتیستە.

*بۆچی لەم جیابونەوەی ئاخرەدا زوربەی هەرەزۆری کوردەکان لەگەڵ ئێوە کەوتن؟

رەحمان حسین زادە:مەبەستتان ئەو کۆمۆنیستانەیە کە پێشینەی چالاکی سیاسی و هەڵسورانی بەرجەستەیان لەکوردستان هەبووە، بەباوەری من چەند هۆی هەیە. یەکەم: ئەوەی تەجروبەی سیاسی

وخەباتکارانەی ئەم نەسڵە لە کۆمۆنیستەکان لەکوردستان، لەگەڵ کۆمۆنیزمی دەخاڵەتگەری حیکمەت تەبایی زۆری هەیە. کۆمۆنیزمی مەنسور حیکمەت بەتایبەت لەسەر کۆمەلایەتی بوونی کۆمۆنیزم و هەروەها بوونی وەك هیزێکی سیاسی ناو کێشمەکێشی دەسەلاتی سیاسی زۆر پێداگری دەکرد. لەدوای شۆرشی1979 ئێرانەوە نەسڵێك لەکۆمۆنیستەکان لەکوردستان لە تەبدیل کردنی کۆمۆنیزم بەهێزی کۆمەلایەتی و کردنی بەهێزی سەرەکی قودرەتی سیاسی لەکوردستانی ئێران زۆر رۆڵیان هەبوو. بەشی بەرچاوی رابەران و کادرە کۆمۆنیستەکان ئەو تەجروبەیە هەر بەپێداگرتن لەسەر رۆلیکی وەها لەکۆمەلگادا خەتی خۆیان لەچەپی تەقلیدی ئیستای زاڵ بەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا جیاکردەوە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حیکمەتیستمان پێکهێنا. مەبەستم ئەوەیە تەجروبەی سیاسی هاوبەش و روانینمان بۆ رۆڵی هێزی کۆمۆنیستی لەروداوەکانی دوارۆژی ئیران و کوردستاندا لەیەکگرتنمان لە حزبیکدا دەوری گرنگی هەبووە.

*** رەخنەتان لیدەگرن کە ئیوە دوژمنی سەرەکیتان لەبیرکردووەو هەرخەریکی دژایەتی کردنی حزبەکانی دیکەن و یان بەرەوتیکی دژی کوردتان دەناسن؟چۆن وەلامی ئەم ڕەخنانە دەدەنەوە؟ هیچ لایەنێك ناتوانی لایەنێکی دیکە لەناو ببات چ ئێستاو چ لەداهاتوودا، ئێوە چۆن لەگەڵ ئەم واقعییەتە هەڵسوکەوت دەکەن؟**

رەحمان حسین زادە: ئەم رەخنەیە رەوا نییە. ئەگەر مەبەست لەدوژمنی سەرەکی جمهوری ئیسلامییە، کەوایە خەباتی بێوچانی 27 ساڵەی رابەران و کادرانی حزبی حیکمەتیست و چالاکی ئێستامان لەدەوری "مەنشوری سرنگونی جمهوری ئیسلامی" بۆ روخاندنی ئەم رژێمە بەرۆشنی ئەم ئیدعا پێچەوانەیە لەدژی ئێمە جوابدەداتەوە. بەلام ئەوانەی ئەم پروپاگەندەیە بە دژی ئێمە دەکەن، دەیانەوی لەژێر ناوی"دوژمنی سەرەکی" ئێمە پەردە لەسەر سیاسەت و کرداری رەوتە بورژواییەکان، رەوتە کۆنەپەرست و ناسیونالستییەکان، هەڵنەدەن. ئەیانەوێ تەرح و پرۆژەی کۆنەپەرستانە لەدژی خەلك لەقاو نەدەین. ئەیانەوێ جیاوازی و رەخنەی خۆمان لە رەوەتەچەپەکان کە لەسیاسەتی رادیکاڵ دوور ئەکەونەوە باس نەکەین. باچەند نمونە باس بکەم. هەموو کەس دەزانێ سیاسەتی ملهوڕی ئەمریکا لەدنیاو لەناوچەکە جێگای پیشوازی زۆریك لە هێزە سیاسییەکان لە ناوچەکە و ئێران بووە، جیگای پێشوازی رەوتە ناسیونالیستەکان کورد بووەو ئێمە هەم دژی سیاسەتی ئەمریکاو هەم خۆهەلواسینی ئەم لایەنانە بووین. ئەمڕۆ تەجروبەی خوێناوی عێراق نیشانیداوە ئەم سیاسەتەی ئێمە بەتەواوی بەقازانجی خەڵك بووە. ئێمە دژی تەوەهومی " ئومیدەواربوونی" هەندێك بەخاتەمی و دووی خورداد بووین ودژی ئەوهیچزانە بووین کەئەم سیاسەتەیان هەبوو. ئەمڕۆ رۆشنە حەق بەئێمە بوو. ئێمە دژی تەرحی رەش و کۆنەپەرستانەی فێدرالیزم و ئەو لایەنانە بووین کە خوازیاری ئەوەن، لەوبارەیەشەوە رۆشنە حەق بەئێمە بووە. ئێمە هاوکات لەگەڵ بردنە پێشی خەباتی بێوچان بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی دژی جەرەیاناتی ناسیونالست و فێدراڵی، مەزهەبی وکۆنەپەرست بیدەنگ نین. ئێمە یەخەی جەرەیاناتی چەپ ئەگرین کەبەرامبەر بەم رەوتانە، سیاسەتی رادیکاڵیان نییە.

مارکس لەسەردەمی خۆی هەرواى کردووە. سەراسەری مانفیستی کۆمۆنیست، پەردە هەڵمالین لەسەر جەرەیاناتی بورژوایی و وورده بۆرژوایی و فئۆدالی، لەژێرناوی سوسیالیزمە. لنین هاوکات لەگەڵ

خەباتی بێوچان لەدژی حکومەتی تزاری، هەمیشە دژی جەرەیاناتی کۆنەپەرست بووە. ئێمەش هەرئەوکارە لەسەردەمی خۆماندا ئەکەین. ئەمە پێویستی بەرەو پێشبردنی خەباتێکی سیاسی رۆشنە لەکۆمەڵگا.

پیویستە چەواشەکاریەکی موخالفینی ئێمە باس بکەم. کاتێك ئێمە لەدژی ناسیونالیزم و فێدراڵیزم و لەدژی حزبە قەومییەکان قسەدەکەین، ئیدۆلۆگە ناسیونالیستەکان و ئەم حزبانە بەدژی کورد بوون دەرخواردی خەڵکی دەدەن. ئێمە دەڵێین نا"برادەران"! ناسیونالیزم، فێدرالیزم و ئەحزابی ئەم رەوتانە مەخەنە جێگای خەڵکی کوردستان. ئەوان لەباشترین حاڵەتدا جەرەیانی سیاسی چینی چەوسێنەری کوردستانن، نەك هی هەموو خەڵکی کوردستان. کەوایە ئێمە لەگەڵ ئێوە دژایەتیمان هەیە هەروەك زۆرێك لەخەڵکی کوردستان دژایەتیان لەگەڵتان هەیە. کەوایە چەواشەکاری مەکەن.

ئەوەی هیچ لایەنێك ناتوانێ لایەنێکی دیکە لە ناو ببات، دیارە مەبەستی ئیوە بەهێزی چەك و شەری چەکدارییە، لەپێشدا دەبێ لەگەڵ جەرەیاناتی سەرکوتکەرو کۆنەپەرست باس بکرێ. ئەوە نییە 27 ساڵە کۆماری ئیسلامی ئەیەوێ لەناومان بەرێ و ناتوانێ، ئەوە نییە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەزۆری چەك ئەیویست ئێمە کۆمەلەی ئەوکات و چەپەکان لەناوببات، نەیتوانی و نەمانهێشت. رۆشنە کۆمۆنیستەکان نین کەخوازیاری شەڕو لەناوبردنی نەیارانی خۆیانن، جەرەیاناتی دژی ئازادیخوازی دەبێ وەلام بدەنەوە. ئێمە بڕوامان وایە لەکۆمەلگادا دەبێ بزووتنەوەکان و حزبەکانیان بەرۆشنی هەڵسوڕانی خۆیان هەبێ و کۆمەلانی خەڵك ئینتیخابی سیاسی خۆیان بکەن. پێمان وایە بەسیاسەتی دروست کە ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان کە هەمانە ئەگەر زەبروزەنگ لەسەر خەلك نەبێ، ئەوا جەرەیاناتی کۆنەپەرست و ناسیونایست و مەزهەبی ... ئەکەونە پەراوێزی کۆمەڵگاو دەستیان لەدەخاڵەتکردن لەچارەنوسی خەڵك کۆتا دەبێت. ئێمە بۆئەم مەبەستە تێدەکۆشین نەپاکتاوکردنی فیزیکی و شەڕوزەبروزەنگ. دیارە ئەگەر جەرەیانیکی چەکدار بیەوێ دژی خەڵك و ئێمە شەڕمان پیبفرۆشێ ئامادەییمان هەیە وەلامی بدەینەوە.

*** لەکاتێکدا ئێوە خۆتان بە حزبیکی سەراسەری دەزانن، بۆچی قورسایی چالاکیتان لەکوردستانە؟ وەکو سەردانی گاردی ئازادی لەکوردستان، ئەی بۆشوینەکانی دیکەی ئیران چیتان کردووە؟ چالاکیتان لەناوچەکانی دیکە چۆنە؟**

رەحمان حسین زادە: بالەبەشی ئاخری پرسیارەکەتانەوە دەست پێبکەم. یەکێك کە بەئینسافەوە داوەری بکا، دەبینێ چالاکی حزبی حیکمەتیست لەدەرەوەی کوردستانیش بەرچاوەو لەهەندێك مەیداندا تەنانەت لە پێشترە لە چالاکی خودی ئەم حزبە لەکوردستان. بۆنمونە، سەرنج بدەنە بۆنەکانی 16 ئازەر (رۆژی خوێندکارانی زانکۆ) یان 8 مارسی ئەمساڵ لەسەراسەری ئێران، لە زانکۆکان و شارەگەورەکانی ئێران وەکو تاران، مەشهەدو تەورێز... حیکمەتیستەکان هەڵسورانی بەرچاویان هەبووە کەلەکوردستان لەوئاستەدا نەبوو.

بەلام ئەمە واقعییەتێکی پۆزەتیڤە کە حیکمەتیستەکان بە بۆنەی جێ وشوێنی پتەوی کۆمەلایەتی، هەبونی رابەران و کادری بەئۆتۆریتەی ناسراو لەئاستی کۆمەڵگاو هەروەها بەهێزبوونی فەزای چەپ لە

کوردستان‌و چالاکی نەسلێکی تازەی حیکمەتیست، بەگشتی لێرە بەرچاوترین هەڵسوڕانی هەیە و ئەمە خاڵی بەهێزی ئێمەیە لە مەیدانی سیاسەتی ئێران و کوردستان، ئەمە نەفی هەڵسوڕانی سەراسەری ئێمە ناکات، بەڵکو کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەی ڕادیکاڵ لەوێ، سەنگەرێکی پتەوی ئێمەیە بۆ بەهیزکردنی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی لەسەراسەری ئێران.
سەبارەت بەهەڵسوڕانی گاردی ئازادی، هۆکەی ئەوەیە کە ڕابەری و کادرو ماتریاڵی ئینسانی هەڵسوڕانی گاردی ئازادی و تەنانەت هەلومەرجی کوردستان بۆئەم کارە لەبارترە، لەکوردستان هەڵسوڕانی زیاتربووە. لەهەمان کاتدا ئەوەش وەك ڕەخنەیەك قبوڵ دەکەم بۆهەڵسوڕانی گاردی ئازادی لەسەرسەری ئیران دەبوایە کاری زیاترمان بکردایە.

*بۆچی حکومەتی هەریم مۆڵەتتان پێنادات بنکەو بارەگاتان لەکوردستانی عێراقدا هەبێت؟
ڕەحمان حسێن زادە: ئەمە پرسیارێکە کە زۆرتر رووی لە پارتی و یەکێتییە کەدەبێ وەڵامی بدەنەوە. تائێستا پەیوەندی ڕەسمیمان لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دروست نەبووە، بۆ دروستبوونی وەها پەیوەندییەك هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ خەڵك و بەرەی ئازادیخوازی و چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی لەکوردستانی عێراق جێگای سەرنجێکی جدییە.

*پەیوەندیتان لەگەل چەپی ئیران چۆنە؟
ڕەحمان حسێن زادە: با چەپی ئیران لە دوو بەشدا باس بکەین. یەکەم: چەپی کۆمەڵگا، لە ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، لاوان، لە زانکۆکان و ڕەوتی بەرگری لەمافی ئینسان کە پانتاییەکی فراوانی لە سەراسەری ئێراندا دەگرتووە، پەیوەندیمان باشە و خۆمان بەشێکین لەم چەپە لەکۆمەڵگا. مەبەستی ئێوە ریکخراو و حزبە چەپەکانە کە لەئۆپۆیسیۆندان و مەبەست ئەوەیە ئایا هاوکاری یان ئەوەی لە ئیران پێی دەڵێن" اتحاد عەمەل" بوونی هەیە. تائێستا شتی وامان نییە. هۆکەی ئەوەیە، ئێمە لەگەڵ هاوکاری و" اتحاد عەمەل"ی فۆرماڵ نین. ئەوەی زۆرجار ریکخراوە چەپەکان کردویانە و بێئاکام بووە. بەڵام لەپەیوەند بە مەسەلەی واقیعیی کۆمەلگا، وەکو هاوئاهەنگی بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامی، راوەستان بەرامبەر بەشەرخوازی ئەمریکا لە ئیران، لەبەرامبەر پرۆژەی کۆنەپەرستانەی وەك فێدراڵیزم...، بۆ راوەستان بەرامبەر بەسیناریۆی رەش و بەرگری لە مەدەنییەتی کۆمەڵگا لە پرۆسەی روخانی کۆماری ئیسلامی ئێمە هەوڵمان داوە جۆریك لە هاوئاهەنگی و دانی بەیاننامەی هاوبەش سەربگری، ئومێدەوارین ئاکامی هەبێ.

* بۆچی بڵاوکراوەیەکی حزبیتان بەزمانی کورد نییە؟ لەکاتێکدا بەچەند زمانی دیکە هەتانە؟
ڕەحمان حسێن زادە: لەپێشدا ئەوە بڵێم  ئەمە کەم وکوڕییەکی هەڵسوڕانی تەشکیلاتی کوردستانی حزبی حیکمەتیستە. زۆرجار قسەمان لێکردووە. دوو هۆی هەیە. یەکەم:  ئێمە بەزۆری ڕوو بەکۆمەڵگای کوردستانی ئێران دەنووسین و لەوێ زیاتر زمانی فارسی بەکار دەهێنرێت. دووەم: بەراستی کەسانێك کە راستەوخۆ و بێ کەم وکوڕی بەزمانی کوردی بنووسن، کەمن و بۆیە ناچار ئەبین تەرجومەی بکەینەوە

**کەئەمەش کێشەی خۆی هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کۆمیتەی کوردستانی حزب لە بەرنامەیدایە بڵاوکراوەی بەزمانی کوردی هەبێت.**